# هونەری ئەتەکێت

نیشتمان هەڵەبجەیی

ئەتەکێت: بریتیە لە هونەری مامەڵەکردنو ڕەفتار، ڕەوشت، زەوق، هەڵسوکەوت، ڕێزگرتنی خودو، مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی تردا، هونەری ڕەوشتە جوانەکانو، هەڵسوکەوتی قبوڵکراو لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە، هەروەها ئەتەکێت پێناسە دەکرێت: بریتیە لەو ڕەفتارو نەریتانەی لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەیەو کەسەکەش بە شێوەیەکی خۆنەویستانە ئەنجامی دەدات بەبێ زۆر لە خۆکردن، ئەمەش هەموو مرۆڤێک دەتوانێ فێری ببێت. بریتیە لە کۆمەڵێ هەڵسوکەوت دەبێتە هۆی ڕێزگرتن لە خودو کەسانی تریش.

ئەتەکێت لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تردەگۆڕێت، هەر کەسێکیش ڕێز لە خودی خۆی نەگرێتو هیچ بەهایەکی بۆ دانەنێت، مافی ئەوەی نیە داوا لە کەسانی تر بکات کە ڕێزی بگرن. ڕەوشتو ڕەفتارە کۆنەکان هەر لە مێژەوە لەگەڵ گەشەسەندنی شارستانیەتدا گەشەی کردووە، چالاکی نەتەوەکانی ئاڕاستە کردووە لە هەموو قۆناغەکانی مێژوودا.

کەواتە ئەتەکێت ئەو ڕەفتارەیە کە یارمەتی کەسەکان دەدات زیاتر بگونجێن لەگەڵ یەکتریداو لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا کە تێیدا دەژین. سادەیی، دادەنرێت بە دەستوری ئەتەکێت، جوانیش لە سادەییدا خۆی حەشارداوە، چەند جوانە مرۆڤ سادەو ناسک بێت لە کەسایەتیو ڕەفتارو هەڵسوکەوتو گوفتارو کردارو پۆشاکو جوانکاریدا.

پەندێکی چینی هەیە دەڵێت: (مرۆڤی ژیر ئەگەر دەیەوێ پێشەنگی مرۆڤەکان بێت، با خۆی لە خواریانەوە دانێت، ئەگەر دەیەوێ وێنای ئەوان بکات کە لە دوای ئەوانەوەیە، ئایا ئەو دەریاو ڕووبارانە نابینێت کە چۆن باج لە سەدان جۆگەو سەرچاوەکانی ئاو وەردەگرێت لە کاتێکدا ئەوان لە سەرووی ئەمیشەوەن).

**کێ یەکەم جار ئەم هونەرەی بەکارهێنا؟**

یەکەم کەس کە ئەم هونەرەی بەکارهێنا، حەزرەتی ئیبراهیم (ر.خ) بوولە میوانداریدا، (هل اتاك حديث ضيف ابراهيم المكرمين (٢٤) اذ دخلوا عليه فقالوا سلاما قال سلام قوم منكرون (٢٥) فراغ الى اهله فجاءبعجل سمين (٢٦) فقربه اليهم قال الا تاكلون (٢٧) فاوجس منهم خيفة قالوا لا تخف وبشروه بغلام عليم (٢٨) الذاريات)

واتە: ئەی موحەممەد (د.خ) ئایا داستانی میوانە بەڕێزەکانی ئیبراهیم پێغەمبەرت پێگەیشتووە؟ کاتێ کە چوونە لایو سڵاویان لێ کردو ئەویش سڵاوی سەندنەوەو لەدڵی خۆیدا وتی: ئەمانە کەسانێکی نەناسراون، خێرا چوو بۆ لای خێزانەکەیو گوێرەکەیەکی قەڵەوی برژاوی بۆ هێنانو لەبەر دەمیاندا داینا، بەڵام دەستیان بۆ نەبرد، پێی وتن: بۆ ناخۆن؟! ئینجا لێیان ترسا، چونکە بە دوژمنی زانین، پێیان وت: مەترسەو مژدەیان پێدا بە کوڕێکی دانا کە (ئیسحاق) بوو! ڕێزی لێ گرتنو گوێرەکەیەکی بۆ سەربڕین، خواردنی پێشکەش کردنو خۆی هەستا بە ڕێزگرتنیان، کاتێکیش نانەکەیان نەخوارد پرسیاری لێ کردن: بۆچی ناخۆن.

**گرنگی ئەتەکێت:**

ئەتەکێت دیاردەیەکە وەک هۆکارێک بۆ ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵایەتی، بە شێوەیەک پەیوەندیە دەرەکیەکانی تاک لەگەڵ کۆمەڵگادا ڕێکدەخات، هەروەها ئازادی کۆمەڵایەتی دەرەکی ڕێکدەخات، ئەم چەمکە پەیوەندیەکی توندوتۆڵی هەیە بە کۆمەڵگاوە.

پێوەر بۆ نایابی لە نێو نەتەوەکاندا شتێکی ئەستەمە، چونکە هەموو نەتەوەیەک ڕەفتاری خۆی بە نایابتر دەزانێت، لەبەر ئەوە ڕەفتارەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازن، بەڵام چەندین ڕەفتاری هاوبەش هەیە کە هەموان بەشدارن تیایدا وەک: ڕاستگۆییو وەفاو لێبووردەییو خۆنەویستیو هاوکاریکردن..هتد، بێگومان باشکردنی ڕەفتاری مرۆڤ و بەرزکردنەوەی بۆ ئاستێکی باڵا یەکێکە لە تایبەتمەندیو ئامانجەکانی ئەتەکێت.

**هونەری ئەتەکێت لە ئیسلامدا:**

پێویستە فێری هونەری ئەتەکێت ببین لە ئیسلامداو بگەڕێین بە دوای گەشەپێدانی زەوقو هەستی جوانیی لە ئیسلامدا بەوەی بگەڕێینەوە بۆ بەڵگە قورئانیەکان (ما فرطنا في الكتاب من شيء) الانعام/٣٨ واتە: (هیچ شتێک نیە ئێمە پشتگوێمان خستبێت)، هەروەها بۆ فەرموودەی پیرۆز ( انما بعثت لاتمم مكارم الاخلاق).

ئاینەکەمان فێری کۆمەڵێک ئاکارو ڕەوشتی بەرزی کردووین، بۆ نوونە:

_ هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ)،: (الذين يغضون اصواتهم عند رسول الله اولئك الذين امتحن الله قلوبهم للتقوى لهم مغفرة واجر عظيم) الحجرات /٣ واتە: ( بەڕاستی ئەوانەی کە دەنگیان هێواش دەکەنەوە لە لای پێغەمبەری خوادا ئەوانە ئەو کەسانەن کە خوای گەورە دڵەکانیانی قاڵ کردووەو بۆی ئاشکرایە کە جێگەی تەقواو خوا ناسینن، ئەوانە لێ خۆش بوونو پاداشتی گەورەو گران بەها بۆیان ئامادەیە).

_ئەدەبو گوێگرتن لە کاتی بیستنی قورئانی پیرۆزدا: (واذا قرئ القران فاستمعوا له وانصتوا لعلكم ترحمون) الاعراف/٢٠٤. واتە: (کە قورئان خوێنرا گوێی لێڕابگرنو بێدەنگ بن بەڵکو خودا ڕەحمتان پێبکات).

_ باش مامەڵەکردن لەگەڵ دایکو باوکو بەگوێکردنیانو چاکەکردن لەگەڵیاندا: ( وقضى ربك الا تعبدوا الا اياه وبالوالدين احسانا.. الإسراء:٢٣). واتە: ( پەروەردگارت بڕیاریداوەو وەسیەتی کرد، کەدەبێ هەر خۆی بپەرستنو فەرمانیداکە، دەبێ لەگەڵ دایکو باوکدا چاکە بکەن ).

_ ڕەوشت باشی لەگەڵ دراوسێداو سوور بوون لەسەر مافەکانی، ئەمیری ئیمانداران دەڵێت : پێغەمبەر (د.خ) وەسیەتی بۆ کردین کە باش بین لەگەڵ دراوسێدا تا ئەو ئەندازەیەی وا گومان دەبرد کە میراتیش دەبات.

_ئەدەبی سڵاوکردن وەڵامدانەوەی سڵاو: (فاذا دخلتم بيوتا فسلموا على انفسكم تحيه من عند الله مباركة طيبه) النور/ ٦١. واتە: (واچاکە چونە ماڵێ لەم ماڵانە سەلامێکی پیرۆزی خاوێنی خوا قەبووڵ کردوو لە خۆتان بکەن).

پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ: (افشوا السلام بينكم). واتە: (سڵاو لە نێوان خۆتاندا بکەن).

وەڵامدانەوەی سڵاو باشترە لە سڵاوکردنەکە، پێویستە وەک خۆی وەڵامی سڵاوکردن بدرێتەوە یان باشتر لەو، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (واذا حييتم بتحية فحيوا باحسن منها او ردوها) النساء/ ٨٦ .واتە: ( ئەگەر سەلامتان لێکرا ئێوەش بە سەلامێکی جوانتر وەڵام بدەنەوە یا هەر هیچ نەبێ وەک ئەو وەڵام بدەنەوە ).

_دەم بە خەندەبوون بەرامبەر کەسانی ترو دەرخستنی ئاسوودەییو ڕوخۆشیو گەرمو گوڕیی پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ: (تبسمك في وجه اخيك صدقه).واتە: (ڕوو خۆشیت بە ڕووی براکەتدا بە چاکە بۆت دەنوسرێت).

_ زەوق لە پاکێتیداو جەختکردن لەسەری: (وثيابك فطهر)المدثر/٤ واتە: (کاڵات بە پاک ڕابگرە)

_بەکارهێنانی بۆنی خۆش، پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ: (حبب إلي من دنياكم ثلاثه: الطيب و النساء و جعلت قرة عيني في الصلاة ).واتە: (سێ شت لەم دنیایەی ئێوەدا خۆشەویست بووە بە لامەوە: بۆنی خۆش، ئافرەت، سۆمای چاوم لە نوێژدا).

ئەو فەرموودانەی ئاماژە دەکەن بۆ پاکوخاوێنی دەم زۆرن، لەوانە فەرمایشتی پێغەمبەر (د.خ) کە دەفەرموێ: (السواك مطهرة للفم مرضاه للرب) واتە: (سیواک پاکژکەرەوەیە بۆ دەمو ڕەزامەندی خواشی تێدایە ).

_ لەبەرکردنی پۆشاکی پاکو خۆ ڕازاندنەوەی دروست لە کاتو شوێنی گونجاودا، خوای گەورە دەفەرموێ: (يابني ادم خذوا زينتكم عند كل مسجد وكلوا واشربوا ولا تسرفوا انه لا يحب المسرفين ) الاعراف٣١ . واتە: (ئەی ئادەمیزادینە! جلو بەرگتان لەبەرکەنو عەورەتتان داپۆشن لە هەر مزگەوتێکدان لە کاتی تەواف یا لە کاتی نوێژکردندا ، بخۆن و بخۆنەوەو زیادەڕەوی مەکەن چ لە خواردەمەنیو چ لە پۆشاکدا، خودای گەورە ئەوانەی خۆش ناوێ کە زیادەڕەوی دەکەن).

_ ئادابی نانخواردن، پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی بە عومەری کوڕی ئەبو سەلەمە: يا غلام سم الله تعالى وكل بيمينك وكل مما يليك) واتە: (ئەی لاو، ناوی خوا بهێنەوە بە دەستی ڕاستت نان بخۆ و لەبەردەمی خۆتەوە بخۆ).

_ مامناوەندیی بوون لە خواردنداو ئیسراف نەکردن، خوای گەورە دەفەرموێ: (وكلوا واشربوا ولاتسرفواو انه لا يحب المسرفين... الاعراف٣١)واتە: ( بخۆنو بخۆنەوە، بەڵام زیادەڕەوی مەکەن، چونکە بە ڕاستی خوا لە سنوردەرچوانو زیادەڕەوانی خۆش ناوێت).



# چۆن دەستخۆشی لەمنداڵەکەت دەکەیت؟

بهاء الدين عبدالرحمن

*هەمیشە باسی چاکەوکاری خێری بۆبکە، چونکە ئەم ڕازە لەدڵو دەرونیدا دەڕوێتو لەکارو کردەوەشیدا ڕەنگ ئەداتەوە.

*کاری بەسەردابدەو پاشان تاقی بکەرەوەو بزانە، دەتوانێت ئەنجامی بدات، ئەگەرتوانی ئەنجامی بدات ئەوە دەستخۆشی لێ بکە.

* ئەگەر هەر هەڵەیەکی کرد بۆی ڕاست بکەرەوەو، پاشان ڕێگە باشەکەی پێ نیشان بدەوەو دەست خۆشی لێ بکە.

* باسی ئەو کەسانەی بۆبکە لەژیاندا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، بەڵکو ئەمیش چاو لەوان بکات.

* ئەگەر نمرەی باشی بەدەست هێنا لەقوتابخانە ئەوە دەست خۆشی لێ بکەو دیاری پێ بدەو، یارمەتی بدە تاباشتر بێتو بەرەو پێش بچێت.

* ئەگەر پاکوخاوێن بوو لەجلوبەرگو کەلوپەلو شوێنی ناوماڵیدا، هەوڵبدە دەستخۆشی لێ بکەیتو دیاری پێبدە.

* هەندێ منداڵ ئاستی هۆشیاریان بەرزە بەبێ پێووتن کارەکانی خۆی ئەنجام ئەدات، ئەم جۆرە منداڵانە پێویستە بەنمونە بهێنرێتەوە وباسیان بکرێتو دیاریان پێ بدرێت.



# کلیلی بەختەوەریت بدۆزەوە

و: چرۆ فاتح

بۆ گەیشتن بەڕێگای بەختەوەری ئەم ڕێگایانە بگرەبەر:

١- بڕۆرە ناخی خەیاڵەکانتەوە بۆ گەیشتن بەبیرۆکەکانت، هەموو هەوڵێکی خۆت بخەرە گەڕو لەم ڕێگەیەدا خۆت تەسلیمی کێشەکان مەکە.

٢- کاتێک کەتوڕەو ناڕەحەتی بڕۆرە شوێنێکی چۆڵ بیر لەو شتە بکەرەوە کە ئارامیت پێ دەبەخشێت.

٣- عاقڵانە کارەکانت جێبەجێ بکەو هەڵەشانە بڕیارمەدە، ئاگاداربە لەژێر سێبەری ئەم دووخاڵەدا دەگەیتە ئامانج.

٤- لەکاتێکدا کە دەگەیت بەداواکاریەکت یاخود ئارەزوویەکت لەبەر بوونی ئەو سەرکەوتنە ئاهەنگێک سازبکە بۆخۆت و خۆت پاداشت بکە.

٥- هەمووکات لەپێناو گەیشتن بەئامانج بەهۆی بیرکردنەوەو گفتوگۆ کردن دەتوانیت کورترین ڕێگا هەڵبژێریتو پاشان بگەیتە ئامانج.

٦- پێویستە ڕۆژانە بەلایەنی کەمەوە یەک جار لەناخی دڵتەوە پێبکەنی، تەنانەت ئەگەر هیچ هۆکارێک نەبێت بۆ پێکەنین بۆخۆت پێبکەنە بۆئەوەی دڵخۆش بیت.

٧- هەمووکات چاوەڕێی موعجیزە بە، چونکە خودا هەرکات بیەوێ موعجیزە دەخولقینی.

٨- لەکاتێکدا کەدەتەوێت کارێک ئەنجام بدەیتو دوودڵیت، لەگەڵ کەسێکدا گفتوگۆ بکە، کە تۆ بڕوات پێی هەیەو ئەوکەسەش خێری تۆی بوێت.

٩- هەندێ کات دڵخوش نیت کەمێک شیرینی بخۆ، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی دڵخۆش بیت، بەهۆی ئەوەوە هۆڕمونی ئەندرۆفین چالاک دەبێتو ئەبێتە هۆی دڵخۆش بوونی تۆ.

١٠- ئەندێشەو خەیاڵ و ئارەزووی گەورەت لەزیهندا هەبێت، چونکە تۆ شایەنی باشترینیت، ئیمانت هەبێت کەتۆ دەگەیت بەئەندێشەو ئارەزووەکانت.

١١- ئاگاداری خۆتبەو بیر لەتەندروستی خۆت بکەرەوە، چ ڕوحی، چ جەستەیی، ئەمە لەهەموو شتێک گرنگترە.

١٢- خۆت نزیکترینو باشترین هاوڕێی خۆت بە.

١٣- ڕێز لەدایک و باوکت بگرە، بۆئەوەی دوعای خێری ئەوان هەموو کات هاوپشتیوانت بێت.

١٤- هەر بیرۆکەیەکی نیگەتیڤت لەبارەی خۆتەوە هەیە، لەگەڵ دووبیرۆکە و تێڕوانینی پۆزەتیڤانە ئاڵوگۆڕ بکە، بۆئەوەی بڕوات بەخۆت هەبێت ئیمانت بەخۆت زیاتر بێت، کەتۆ دەتوانیت ئەوەی ناخۆشە بەلاتەوە بیگۆڕیت.

١٥- بیر لەڕابردوت بکەرەوە کەچۆن پیرۆزانە بەئامانجەکەت گەیشتی بەسەر کێشەکانیشدا سەرکەوتو بوویت.بۆئەوەی ئەگەر کێشەی تریش ڕووبەڕوو ببێتەوە دەتوانیت بەسەریدا سەرکەوتوبیت.

١٦- لەهەموو کاتێکدا خوات لەبیر بیتو ڕازو نیاز لەگەڵ ئەو بکە، چونکە بەڕاستی ئەو (جەلالی) هەمووکێشەکانی ژیانە.

١٧- هەرگیز لەبارەی خەڵکەوە قسەی خراپ مەکەو، ئاگاداری ئەو کارانەبە کەئەنجامی ئەدەیت.

١٨- لە ئەو جێگەیەی کە شادی ڕاستەقینەی لە جەستەی تۆدا دروست دەبێت، بەدوای ئەو شتانەدا بگەڕێ کەلەڕاستیدا دڵخۆشت دەکات، چونکە شادی کلیلی بەختەوەرییە.

١٩- هەوڵ بدە ڕۆژانە وشەی (دەتوانم، دەمەوێت، دەبێت، بەدڵنیاییەوە) چەند جارێک دووبارە بکەرەوە، ئەمە یارمەتیدەرە بۆ زیاتر نزیک بوونەوە لەئامانج.